# خەوتبووم لە نێو مزگەوتدا لەسەر چارۆکەیەکم (جلێکم) نرخی سی درهەم بوو، پیاوێک هات ولێمی برد، پیاوەکە گیرا، هێنرا بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد کە دەستی دەبێت ببڕدرێتەوە

لە سەفوانی کوڕی ئومەیەوە دەڵێت: خەوتبووم لە نێو مزگەوتدا لەسەر چارۆکەیەکم (جلێکم) نرخی سی درهەم بوو، پیاوێک هات ولێمی برد، پیاوەکە گیرا، هێنرا بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد کە دەستی دەبێت ببڕدرێتەوە، هاتم بۆ لای، ووتم: ئایا دەستی دەبڕیت لە پێناو سی درهەم، پێی دەفرۆشم بە نرخ پێدانێکی دواخراو؟ فەرمووی: «بۆچی ئەمەت نەووت پێش ئەوەی بۆ منی بهێنیت؟».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

سەفوانی کوڕی ئومەیە -ڕەزای خوای لێبێت- خەوتبوو لە نێو مزگەوتدا چارۆکەیەکی (جلێکی) لەبەردا بوو کە نەخشی چوارگۆشەیی لەسەر بوو، ونرخی سی درهەم بووم، دزێک هات و بەپەلە دزی ورایکرد، دزکە گیرا وبردیان بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی سنووری شەرعی -حەددی- دزی کردنی لەسەر جێبەجێ بکات، سەفوان بەزەیی پێدا هاتووە هەرچەندە دزیشی لێی کردبوو، بە پێغەمبەری ووت -صلى الله عليه وسلم- : ئایا دەستی دەبڕیت لە پێناو جلەکەم کە نرخی تەنها سی درهەمە، پێی دەفرۆشم بە نرخ پێدانێکی دواخراو هەتاوەکو حاڵی باش دەبێت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بۆچی ئەمەت نەووت پێش ئەوەی بۆ منی بهێنن، چونکە ئەو تاوانەی سنووری شەرعی -حەددی- لەسەرە ئەگەر بگاتە لای دادوەر ئەوا لێخۆشبوون سوودی نابێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58252